# هەمانە پەڕتووک

هەواڵیان پێدام کە لە تاران، پێشانگەی پەڕتووک دایرکراوە ، وهەمووکەسیش بۆی هەیە بە بێ پارە دان،بچێتە ژوورەوە. کاکە لە خۆشیان لەوانە بووشاگەشکە بم. بە بێ سێ ودوو لێکردن هەستام وهە مانە بۆرە کە مم (کە زۆریشم خۆش دەوێ) کردە شانم و گۆچانم گرت بە دەستەوە، ڕێکەوتم. بەڵام لە ڕێگا مام فەڕشادم لێ پە یدا بوو، بانگی لێکردم و فە رمووی:«هۆی مامە ڕووتە! ئا پەلە مەکە، بەرلە وە کە بچی بۆچە نایێژی هەمانە چەس؟» ئاوڕم داوە وگوتم: ئای، ئای! ببوورە، لە بیرم نەبوو، کە ڕە نگە کوڕ و کاڵی ئەم سەردەمە، نەزانن هەمانە چییە. بە برای خۆم بێژم بە بڕوای ئەزومام باپیریش،هەمانە یاني (ساک، جانتا، کیف، هەگبە) ئا لەم بابەتانە. یانی بە هەمووئەمانە ئێژن هەمانە. ئەم وشەیەش هی خۆمانە،لاوەکی نییە،کەسیش بۆی نییە کە بێژێ لە هاوسێ ماڵتان قەرزکردەوە. بەڵێ خۆشی خۆشی ئەوە دەڕۆم بۆ «پێشانگای نێونەتەوەیی پەڕەتووك لە تاران». هەمانەکەم پڕدەکەم لە پە ڕتووکی، کە بە زمانی خۆمان نووسرابێ.

بە کۆمە کۆم بەرەو تێرمناڵ کەوتمە ڕێ.لە ڕێگە زۆرکەس ئە یان پرسی : مامە ڕووتە ئەوە بۆکوێ دە چي؟ بە پۆزێکەوە دەمگوت: ئەوە گەرەکمە بچم بۆتاران، دەڵێن پیشانگای پەڕتووك دایرکراوە! ئي وابوو بە تاسەوە کەمێک سەیری دەکردم، ئی واش هەبوو پێم پێدەکەنی، وابزانم لە دڵی خۆیاندا فە رمووبێتان:«ئەم نەگبەتەش، داویە لە کەﷲ ی، لەونی لێگۆڕدراوە، خەرەفاوە، دەنا ئەوە تۆپێت لە لێواری قەبرە، چکارت بەم بەزمەیە، نەگبەت بۆ لە گۆشەیەکەوە دانانیشي و ئارام بگری..»

سواری تاکسي بووم. تاکسي ڕۆیي، گەیشتمە تێرمناڵ،هەروەک جاران مام فەرەجم لێپەیدا بوو، ئەوەڵ ئەم لاو ئە ولامی ماچ کرد ،پرسي: ئەوە بۆ کوێ ئۆغر دەکەی؟

بە ڕوو خۆشییەوە گوتم: وەڵڵا، مامە گیان گەرەکمە بچم بۆ تاران. وتي باشە بە سەر چاو بزانم جێگایە کت بۆپەیدا دەکەم، منیش (شینێکم) نایە نێودەستي. کەیفی کۆک بوو دەستي دا بە شانمدا وکوتی: فە رموو دانیشە.

لە سالۆنەکەدا سەرنیمکەتێک دانیشتم.هەمووجۆرە خەڵکم دەبینی.ژن،منداڵ،پیرو لاوهەمووی چاوە ڕوانی ئەوە بوون، کە بچن بۆتاران. پێم سەیربوو،خەڵکی بۆوا زۆربووە! شاربۆ ئەوەندە گەورە بووە تەوە؟ نازانم چەن ساتي پێچوو، ئۆتوبووس هات وسواربووین بەرەوتاران. کە گەیشتمە ئەوێ لە خۆشیان کە دەچمە پشانگە، نەم پەرژا سەرنج بدەمە هیچی دیکە، ئەوە نەبێ،خواخوام بووکە زووترسواری ماشێن بم وبڕۆم بۆ پیشانگەی پەڕتووک. ئای چەن خۆشحاڵ بووم،بەڵێ، سواربووم گە یشتمە ئەوێ. کاتێک چوومە خوارەوە بە کاوخۆ گەڕام، هەمووکەلین و قوژبنێکم پشکني،بەڵام ئەو پە ڕتووک و گۆڤارەی کە من بە دوایدا وێڵ بووم بەرچاوم نەهات. دڵم کەیل بوو،خەفەتم زۆرخوارد. تا ئێوارێ لەو باژێرودا، کە بۆخۆی شارۆچکەیەک بوو، سووڕامەوە، خەڵکیش هەروەک مێروولەی هێلانە لێشێواو دەهاتن ودەچوون. دەڕۆیشتم ودەمڕوانی، سەرم هەڵبڕی، چاوم کەوت بە خوانچەیە ک، جوان جوان ڕوانیم چەن بەرگ کتێبم بەرچاوکەوت،تەماشام کرد. نووسراوە «مێعراج نامە» ئەی پیرۆزبێت هەی، لە فرۆشیارەکەم پرسی کاکە ئەم پەڕتووکە بە چەن؟ کابرا بە تووڕەییەکەوە کوتي:« چی میگوید؟» تەواو کاس بووم. زۆربە خۆمدا شکامەوە.پرسیم:مەگەرجەنابت کورد نیت؟ دیسان زۆربە قە ڵسییە وە فە رمووی « بۆچەنا» وتم دەی بێ بەڵابی،ئەی بۆلە قسەکەم حاڵی نەبووي. وتی جا من چ ئە زانم تۆچ کوردی،بوەخشە. پێکەنیم وگوتم:خوا بدبەخشێ من حەدەم چەس.

کەوتینە قسە، پرسیم ئەوە بۆچی کتێب بە زماني کوردی نییە؟ فەرمووی: کاکە کتاو کوردی چەس، خۆکەس نای سەنێ! ئێمەش کتاو فرۆشین ئەشێ خێرێک بوەین».

لە وڵامداگوتم: وا نییە ئەگەرکتێب بە زماني کوردی چاپ بکرێ،ئێوەش بیهێنن بۆ ئەم پیشانگایە زۆرباشیش بۆتان دەفرۆشرێت،ئەوە سووچی خۆمانە، نازانم لێم حاڵی بوو یان نا،هەرسەری دەلەقاند وتەماشامی دەکردم.

تووشی کابرایەک بووم خۆی کوردبو، بەڵام سەرمێزەکەی پڕبوو لە کتێب بە زمانێ عەڕەبی و فارسی، پرسیم: پەڕتووکی بە زمانی کوردیت نییە؟ بە سەرسووڕمانەوە وتی: چە؟ گوتم :کتێب بە کوردی، بە سەرومل وتی:«نوچ» یاني نا، نیمە.

بەو هەڵس وکەوتەی ئەوکابرایە، ئەوەندەی دیکە پەست وبەدخولق بووم.بە ناڕەحەتي یەوە، سەرم بە رداوە سەرسینگم و دام بە دوای خۆمدا و ڕۆییم. زۆرگەڕام، لە دوازدە هۆڵی پان وبەریندا بە درێژایی و بە پانایی سووڕامەوە، بەڵام لە هیچ غورفەیەکدا ولە هیچ میزێکی ئەو کتێبفرۆشانە،پەڕتووکی کوردیم دەس نەکەوت، خەیاڵ هەڵیگرتم، بردمی بۆ دواوە، بۆسەردەمایەک کە مامۆستا *عەبدوڵڵا پە*

*شێو* له شێعری دوازده وانه بۆمنداڵان دا فەرموویه. منیش لەسەرئەو وەزنه ئەم چەن دێڕەم به بیرداهات:

چوومه پێشانگەی پەڕتووک
ڕەشم بینی کتێبی هەبوو،
سپیم بینی کتێبی هەبوو،
هەرچیم بینی کتێبی هەبوو،
هەر ئێمه نەمان بوو.
قیژاندیان به سەرمدا و
گوتیان:
«ئەی بێ زمان
ئەي بێ نووسەر
ئەی بێکتێب بۆدەرەوە»
منیش وتم:
ئەگەر چوومەوە،
ئەم داستانه، بۆخوێندەواری کورد دەگێڕمەوە.

جا، به دڵشکاوی لەبەر خۆمەوه دەمگوت:« به سووکم چاو لێمەکەن ئەگەرسوڵتان به رچاوتەنگ نه بێ له داهاتوودا،خۆم پەڕتووک به کوردی دەنووسم»

جا، برا دوای گەڕان وسووڕانەوەیەکی زۆرماندووبووم. ئەوێم بەجێ هێشت وهاتمه سەرشەقام که سواری ئۆتۆمۆبیل بم وبگەڕێمەوه، بۆلای تێرمناڵ که بگەڕێمەوه بەرەوماڵ. خزمینه چاوتان ڕۆژی به د نەبینێ، یەک هەرا وهوریایەک بوو، هەر دەتگوت ڕۆژی حەشری ئاژەڵه. یەک هاواری دەکرد، که لەگەڵی سواري ئۆتۆۆموبیلی ئەوبن. به چاوی خۆم بینیم که کابرایەکی دیکەش که هەروەک ئه وهاواری دەکرد، ئامبازی کابرای ئەوەڵی بوو، داپپڵۆسی. نازانم ناوي بنێم چي. له یەکیان دا ئەمان لێدان. کەسیش نەبوو که له یەکیان کاتەوه، بڵێ بەسیه یەکدی مەکووژن. خوا خۆی نەبێ کەس نەیده زانی چی بەسەرچی یەوەیه.

به هەرلەونێک بوو خۆم دەربازکرد، بەختم یاربوو،یەکێک (سەیارە)یەکی لەبەرپێم ڕاگرت و فه رمووي: وەره سواربه! له هەوەڵەوه کەمێک سڵم کرد، چونکه نەمدەزاني که ئەو پیاوه کێیه، به لامەوه زۆرغەریب بوو که نایناسم، کەچی گەرەکییه سواری ماشێنی خۆیم بکا، بەڵام بەو حاڵەش چووم وسواربووم، کابرا فەرمووی ئەوه بۆ کوێ دەچي مامه ڕووته؟ «ئەی خوا ئەم کابرایه کێیه من ده ناسێ، بەڵام من ئەو ناناسم !» عەرزم کرد، دەچم بۆ تێرمناڵ.زۆر پ ێکه نی وفه رمووی تێرمنال نا مامه ڕووته، ترمینال. گوتم برا پیربووم، ئەم وشه لاوەکیانەم بۆساخ نابێتەوه. هێندەی دیکەش پێکەني وفەرمووی له پێشانگه بووی؟ وتم بەڵێ بەڵام هیچم بۆنەکرِدرا، به دڵ شکاوی گەڕامەوه. فەرمووی بۆچی؟ گوتم چونکه ئەوەی گەرەکم بوووەبەرچاوم نەکەوت. ئاخەربرا من شەیدا ودێوانەی پەڕتووکی کوردیم. گوتی: هەی بێ بەڵا بێ، جا کوا کورد نووسەرو وەشانخانەی هەیه تا کتێبي هەبێ؟ عەرزم کرد به خوا بێژم چه برا، فەرمووی: هەسمان،ئەی ئەوه نییه لەولاوه «خەریکن بۆمان دەکەن» لەم لاشەوه ئیجازەمان ئەدەن که ڕۆژنامه و گۆڤار وپەڕتووکیش به زمانی زگماکی خۆمان بنووسین...»

گەیشتینه تێرمناڵی ڕۆژئاوای تاران، به راستی، لەوێ، تاران ئاوا دەبێ، دەبێته کالی بالیکێ (Kalibalik) ئەستامبوڵ. جا، وەره یەک هەرا وهوریا وبگره وبەردەیەک بوو، مەگەرخواخۆی بزانێ چ باسه. ئەوەش هەرباشه تامڵ دەکرێ، بەڵام دووکەڵی لوولەی ئۆتوبووس یا خواکەس نەیبینێ، ئەگەرزۆرلەوێ ڕاوێستی خوازانا، دوای چەن کاتژمێرگەرووت دەگیرێ وهەناسەت سواردەبێ،سینەت قورس دەبێ ودەکەوییه کۆکه کۆک.جا،لەوێدا دەبێ هاوارله خودا بکەی که ئوتوبووسەکەت زووترڕێکه وێ وله دەس ئەو قەرەباڵغي ودووکەڵه نەجاتت بێت.

هەمانەی خاڵی به شانەوه،دڵ شکاو وخەمبار.هەڵتەک هەڵتەک دەس له وانێک درێژتر، سواری ماشێن بووم وگەڕامەوه.

ره حمان سۆفی مانگی گوڵانی ٢٠٠٥ تاران